# ئاماژەیەك لەمەڕ گەشەی كوردستان لەرێڕەوی مێژوودا

نووسینی: شەهید رەئووف كامل ئاكرەیی
وەرگێڕانی: ستران عبداللە

سوپاس و پێزانین بۆ کۆمپیوتەری ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ کە ئەرکی پیت چنینی ئەم نامیلکەیەی خستە ئەستۆی خۆی .



شەهیدی سەرکردە مامۆستا:
ڕەئوف کامل ئاکرەیی

# ئاخافتنێکی پێویست

ئەم ئامیلکە خنجیلانەی لەبەردەستانداپە بریتی یە لە یەکێ لە وتارەکانی شەهیدی نەمر هەڤاڵ ڕەئوف کامل ئاکرەیی کە ئەندامی کۆمیتەی ڕابەرایەتی ڕێکخراوی تێکۆشانی ڕەنجدەرانی کوردستان و یەکێ لە ڕابەرانی بزوتنەوەی خوێندکارانی کوردستانی خوارو بوو. هەروەک ڕۆڵێکی جوامێرانەو پێشرەوانەی هەبووە لە یەکێتی قوتابیانی کوردستان تا ساڵی ١٩٧٤و یەکێ بوو لە دامەزرێنەرانی یەکێتی خوێندکارانی شۆڕشگێڕی کوردستان لە ساڵی ١٩٧٦دا کە ئەو دوو بزووتنەوەش هەر یەکەیان لەسەردەمی خۆی ڕۆڵێکی بەرچاویان هەبووە لە تێکۆشانی خوێندکاران بەتایبەتی و بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی نیشتمانی لە کوردستانی خوارودا بەگشتی .

ئەوەی ڕاستی بێت ئەم وتارە مانگێك بەرلە شەهید بوونی هەڤاڵ ڕەئوف بەو ئامانجەی کە لە ڕۆژنامە ساواکەی ڕێگای ڕەنجدەران دا بڵاو بکرێتەوە نووسراوە. ئەوەبوو لەسەر هەندێ هۆی تەکنیکی دواخرا بۆ ژمارەکانی داهاتوو. بەڵام بەهۆی تیرۆرکردنی جەستەی پاکی لە پاش ژمارە دووی (ڕێگای ڕەنجدەران) لەلایەن داردەستی بێگانەو دوژمنی چینایەتیمان نەتوانرا بەهیوای خۆی بگات .

تیرۆریستان خەیاڵیان خاوبوو کەوایان دانا بە تیرۆرکردنی هەڤاڵ ڕەئوف ڕێگا بۆ تیرۆرکردنی بیری بڵێسەداری پێشکەوتوخوازی لە کوردستاندا خۆش دەبێت .

بەلام بابزانن ریبازەکەی هەڤال رەئوف هەر بەردەوام
ەبێت هەتا بەدوا ئامانجی خۆی دەکات .
ئێمەش لە پێناوی زیندووکردنەوەو بیرەوەری ئەو سەرکردە
خاوەن بیرو باوەڕەو هەڵوێست شۆڕشگێڕانەدا هەستاین
بە بڵاوکردنەوەی ئەو وتارە لەشێوەی ئامیلکەیەکی خنجیلانە
بەزمانی عەرەبی وەکو یەکەم بڵاوکراوەی ڕۆشنبیری سیاسی
ڕێکخراوی خوێندکاران و لاوانی شۆڕشگێڕی کوردستان و
دوایی لەلایەن بەڕێز کاک (ستران عبداللە)وە خۆی ووتەنی
وەکو وەفاداریەك بۆ شەهید رەئوف وەرگێڕدرایە سەر زمانی
کوردی و لەژمارەکانی (٧٠٧_٧٠٨_٧٠٩)ی کوردستانی نوێ
بڵاوکرایەوە ئێستاش ئێمە وەکو ئەمەکدارییەك بۆ
یادی ئەو شەهیدە هەمان بابەتی وەرگێڕاو لەشێوەی
ئامیلکەیەك دەخەینە بەردەستی خوێنەرانی زمانی کوردی
بەهیوای ئەوەی خزمەتێکمان بەگەل و نیشتمان کردبێت .

**ڕێکخراوی خوێندکاران و**
**لاوانی شۆڕشگێڕی کوردستان**

# هەڵوەستەیەک

بەرێکەوت لەیەکەمین دیدار لەگەڵ شەهید (رەئوف)دا گفتوگۆکان بەرەو شێوازو سروشتی پێکهاتەی ئابووری کۆمەڵایەتی لەکۆمەڵگەی کوردستاندا ئاراستە بوون، لەبیرمە ئەو هەمیشە تەئانەت لەمەسەلە ئابووری یەکانیشدا ئاخاوتنەکانی بەلای سیاسەتدا دەشکانەوە. روونتر بڵێ رەوشی فۆرماسیۆنی ئابووری کوردستانی بەدرێژایی مێژ لەروانگەیەکی سیاسی یەوە شی دەکردەوە. ئەویش روانگە کوردستانی بوون بوو.

هەڵبەتە لەگفتوگۆکاندا، ویڕای جیاوازی بۆچوونەکا ئەوانەی لەگەڵ دەدوان،لەهاوتەمەنەکانی ئێمە،بەڵام بەچڕ ئەزموون و تیژی لەزادەی رۆشنبیری دا یەکلاکردنەوەک هەمیشە بەقازانجی (رەئوفی) شەهید کۆتاییان پێدەها هەروەها زیاتر جڵەوی حیوار لەدەرەنجامدا دەکەوتە دەست ئەو. سەرباری ئەوەش گیانی سەرکوتی فیکر دواشت بوو کە دەشیا بەهزری ئەودا تێپەڕی با. هەر لەمیا رەتکردنەوەی سەرکوتی فیکری دا، بەرێزەوە لەروانینەکا خەڵکی دیکەی دەڕوانی کە قسەش بهاتبایە سەر بوو، ئامرازی دیکە بۆ شی کردنەوەی پێکهاتەی ئابوور کۆمەڵایەتی لەکوردستانداو لەوانەش شێوازی بەرهەم هێنا، ئاسیایی، ئەوا بەتەوازعەوە دەیگوت: با لەم بوارەشدا چ لەئامرازە کلاسیکی یەکان تۆژینەوە لەئامرازو دیـ بۆچوونەکانی دیکەش دا بکرێ.

لەڕێزگرتنی فیکری بەرامبەرو حزبی بەرامبەردا دەیگوت: (هەموو حزبو گروپەکان پێکەوە دۆستی قۆناغی ڕزگاری نیشتمانین!) ئێمەش بە ئاخاوتنێکی زەردەخەنە ئامێزەوە دەمانگوت: هیواداریـن ئەم قۆناغی ڕزگاری‌یە زۆر بخایەنێ، بۆئەوەی هەمیشە دۆست بین!

بەڵام زووتر لەوەی چاوەڕوان دەکرا، بگرە لەدەسپێکی کار لەقۆناغی ڕزگاری‌دا، شەهید (ڕەئوف) هەڤاڵانی خۆی لەگشت حزبو گروپو ڕوانینە فیکری‌یەکان، بەجێهێشت. لەڕاستی‌دا ئەوانەی کە ئەم شەهیدی قەڵەمە لەدوا بەشەکانی ئامیلکەکەیدا پەردە لەسەر پێگەی کۆنەپارێزانەیان لەبزاڤی نیشتمانی‌دا، رادەماڵێ، ئەوانە چاویان بەرایی نەدەهات، لەوە زیاتر ئەم دۆستە بزێوەی قۆناغی ڕزگاری نیشتمانی قبوڵ بکەن، هەربۆیەش بەخەیاڵ پێچانەوەی گیانی توێژینەوەی زانستی‌و عەقڵ داهێنەرانە تیرۆریان کرد، ئەوەندەی پەیوەست بێ بەمەیدانی لێکۆڵینەوەی ئەکادیمی‌یەوە ئەوا ڕەنگە پێداچوونەوە بەئاقاری پێکهاتەو ناسینەوەی ژیان‌و چالاکی ئابووری لەچاخە ڕابردووەکانی مێژوومان‌و ئێنجاش پەرەپێدانی ئەوەی لەم بوارەدا کراوە، بەم لێکۆڵینەوەی کە ئێستا لەبەردەست دایە، باشترین کەواهی ئەوەبێ کە تیرۆرکردنی توخمە بزێوەکانی جوولانەوەی مێژوو هەگیز بەر بەپێشڤەچوونی ئەو جوولانەوەیە ناگرێ، بەم ماوەیەکیش دوای بخات!

سڵاو لەگیانی ڕەوانی مامۆستای شەهید

وەرگێڕ ١٩٩٤/٧/٧

هەولێر – پێنج‌شەممە

## پێشەکی :

تا ئێستا بەشێوەیەکی زانستیانە، ئاخافتن لەسەر مێژووی کوردستان نەکراوە، بەتایبەت لەباری پەرەسەندنی کۆمەڵایەتی- ئابووری- سیاسی یەوە، ئەمەش کێماسیەکی گەورەیەو کار لەتێکڕای ئەو شیکردنەوانە دەکات کەپەیوەستن بەدۆخە ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسی و کەلتوری یەکەی کوردستانەوە، وێڕای ئەوەش کار دەکاتە سەر تێگەیشتنی گەلێك لایەنی دیکەی دۆخی هەنوکەیی و هەر لەوێوەش لەسەر ڕۆشنکردنەوەی ئاسۆکانی داهاتوو، بۆیەش ئاماژەیەکی بەپەلە لەمەڕ کەشەسەندنی کوردستان لەڕێڕەوی مێژوودا دەخەینە ڕوو، تاکو ببێتە کلیلێك بۆ لێکۆڵینەوەو تۆژینەوەکەلێکی تر کە بەتەنیا ئارمانجی شیکردنەوەی ئەوە نەبێ کەبووەو ئەوە نەبێ کەهەیە، بەلکو نیازی ئەوەی هەبێ کەبکاتە دیاریکردنی هۆیە ڕاستەقینەکانی هەموو ئەو دۆخەو کێشمەکێشانەی کە هەیە بەمەبەستی گەیشتن بەڕێگا چارەیەك یان نەهێشتنی دژواری یەکان.

بەراشکاویش دەڵێین کەمەبەستمان لەم جۆرە لێکۆڵینەوەو تۆژینەوانە، چ ئەوانەی ئابووری، کۆمەلایەتی ، یان مێژوویین، هاریکاری و بەشداری کردنە لەچالاکی سیاسی دا .

# دەرکەوتنی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی و قۆناغی کۆمۆنەیی

پێش ملیۆنان ساڵ و بەدرێژایی چەندین قۆناغی مێژوویی دوور خایەن، بنەچەی مرۆڤ فێری کاربووەو ئامرازەکانی ئامادەکردووەو هۆشیاری و بیرکردنەوەی خەملیوە، ئاواش جیابوونەوە لەجیهانی ئاژەڵ رووی داوەو دەست پێکردن بەبەرهەم هێنانی سامانە ماتیریالییەکان بنچینەی پێکهاتن و پەرەسەندنی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی بووە.

کوردستان و هەندێک لەناوچەکانی لای رۆژهەڵات و باشووریشی لەگەڵدا، هەر بەراستی لانکی مرۆڤایەتی بوون، چونکە لەکۆنترین چاخەکانەوە مرۆڤ نشین بوونە ئاوەکو «نیاندرتال» و «کرۆمانیۆن»، کە پاشماوەی ئیسک و پروسکەکان و ئامرازەکانی کارکردنیان. لەئەشکەوتەکانی کوردستان دۆزرانەوە.

شوێنەوارەکان ئەوە نیشان دەدەن کەئامرازەکانی کارکردن لەچاخی بەردینی کۆنەوە بەکاوەخۆ گەشەیان دەکرد. مرۆڤیش لەرێگای کۆکردنەوەی خۆراک و راوکردنەوە دەژیاو دۆزینەوەی ئاگریش رۆڵێکی گرنگی بینی لەژیانیدا و گەلێک گەواهی لێبراوانە هەیە لەمەڕ دەرکەوتنی ئایدیای خوراقی کەگوزارشتی لەململانێی سروشت دەکرد و بەرایییەک بووە بۆ دەرکەوتنی ئاین لەکوردستاندا.

لەچاخی بەردینی ناوەڕاستدا ئامێرەکانی کارکردن گەلێک بەرەو پێشفەچوون و لەچاخی بەردینی نوێشدا ئەوا پێشکەوتنەکە لەوە زۆرتر بووو بەرداشی بەردینی هەبووەو

ئەو وێنەو نەخشانە بینرانەوە کەدەربڕی دەرکەوتنی چەمک کەلیکی رۆشنی (ئاینی) ین

وێجا لەئاکامی زیدەبوونی بەرهەمی کارو پەرە ئەستاندنی هێزەکانی بەرهەمهێنان. لەئاکامی ئەوەدا، هەر کۆمیونەو دابەشی چەندین خێزانی جیاجیا بوو. لەهەمان کاتیشدا خێڵ کۆمیونەکان لەتیرە کەلێك کۆبوونەوە کەسەرۆکەکانیار (بەشێوەیەکی دیموکراتیانە) هەلبژێردرابوون. هاوکات لەگەل ئەوەش‌دا نیشتەجێ بوون‌و نیمچە جێگیربوونیش دەستی پێکرد.

بەم پێیەش کوردستان زێدەی یەکەمین کۆمەلە فیدراسیۆنی نیشتەجێی ناوچە رووەکی‌یەکان بووەو هەروەکو کەوامی‌یەکان نیشانی دەدات: (کار لەکوردستان‌داو بەشێوەیەکی بەرچاوتر لەشاینەدەری‌دا، تیشکێکی رۆشنتر لەمەڕ بەرایی موتربەکردنیکی سەرەتایی دەخاتە روو تۆژینەوە (کاربۆ- رادیۆیی‌یەکان) هێمای ئەوەن کەهەزارەی نۆیەمی پ. ز روویان داوە) (١). لەلایەکی دیکەشەوە زانستی شوێنەوار ئەوە دەچەسپێنێ کەکۆنترین گوندی دۆزراوە لەکوردستان‌دایە. ئەویش گوندی (نمریك)ە کە لەنێوان دهۆك‌و مووسڵە (٢). هەروەها گوندی (چەرمۆ) کەکەوتۆتە نێوان کەرکوك‌و سلێمانی‌یەوەو نزیکی چەمچەماڵەو ئەمەش مانای پەرینەوەیە بۆ خۆبژێوی.

ماڵکردنی ئاژەلەکان‌و دۆزینەوەی کشتوکاڵ لەکاتێکی لێك نزیکی‌دا روویان‌داو کوردستان یەکەمین ناوچەیە لەجیهان‌دا کەکشتوکاڵ ناسیبێ‌و هۆزە کۆچەرەکان لەهۆزە کشتوکاڵی‌یەکان جیابوونەوەو ئەمەش سەرەتای شۆرشێکی مەزن بوو چونکە (کشتوکاڵ‌و ئاژەلداری بەگرنگترین

دۆزراوەکانی مێژووی مرۆڤایەتی دادەنرێ) (٣) وئەمەش مانای هاتنەبوونی پەرەسەندنێکی مەزن دەگەیەنێ لەهێزەکانی بەرهەم هێنان‌داو هاوکات لەگەڵ ئەوەش پێشکەوتن لەهەردوو بواری هونەرو ئاین روویان‌دا، لەکوردستان بەشێوەی (هەڵپەرکێ‌و سەما) گوزارشت لەئاکارە ئاینی‌و ئەریتەکانی پەرستن کرا (٤)، پێشکەوتن لەبەرهەم‌هێنانی ئامرازە کانزایی‌یەکان لەمس‌وبرۆنزو تەنەکەو ئاسن‌دا، لەهەزارەی شەشەمەوە تاوەکو هەزارەی چوارەم، بەردەوام بوو، ئەوە بوو شێوازەکانی ئاوەڕو بینرایەوەو زەوی‌یەکان دابەش بوونە سەر (دێمەکارو بەرئاوی)و قاپ‌و قاچاخ هاتە بوون‌و هونەری کوزە دروست‌کردن پێشکەوت‌و کارەکانی هەلکۆڵین بڵاوبوونەوە، لەو قۆناغەشدا هەندێك یەکێتی بۆ ئەو هۆزانە پێك هات کەلەمافەکان‌دا یەکسان بوون‌و ئەمەش شێوەی سەرەتایی بوو بۆ پەرینەوە لەداهاتوودا بەرەو پێکهێنانی دەوڵەت (٥) . بنچینەی خاوەنداریێتی، خاوەنداریێتی هۆز بووە کەلەچەشنی قەوارەی ئابووری- کۆمەلایەتی بووەو لەگەڵ پەرەسەندنی بەرهەم‌هێنان‌و دەرکەوتنی ،زێدە بەرهەم، بەشێوەیەکی بەردەوام پێویستیەك بۆ خاوەنداریتی کشتی‌و کاری بەکۆمەڵ‌و ئابووری کۆمۆنەیی نەما، بگرە پەیوەندی‌یەکانی بەرهەم‌هێنانی کۆمۆنەیی گەیشتە قۆناغی قەیران تەنگژە بوو بەدۆخە تازەکان‌و دەرکەوتنی خاوەندارێتی تایبەتی کرد بەمەسەلەیەکی پێویست‌و بابەتی‌و حەتمی، بەم شێوەش پەرینەوە بۆ شێوازی بەرهەم هێنانی کۆیلایەتی

# قۆناغی کۆیلایەتی

دەگەڵ دەرکەوتنی خاوەنداریتی تایبەتی. کواستەوە بۆ پێکهێنانی کۆمەلگەی کۆیلایەتی کەدەبری سەرەتای دایەش بوونی کۆمەلگەن بەسەر چینەکان و ناکوکی چینایەتی و چەوسانەوەی مرۆڤ لەلایەن مرۆڤەوە. دەستی پێ کرد و مێژووش تا چەرخی هارچەرخمان مێژووی ململانێی چینایەتی یە.

هێزەکانی بەرهەم هێنان لەقۆناغی کۆیلایەتی دا کەسەرەتای سەرهەلدانی شارستانیەتەکان و ئەو دەولەتانەبوون کەهەندێکیان لەکوردستان دا (کەگەلەکەی یەکێکە لە کۆنترین گەلە زیندووەکانی ئاسیا و جیهان) دورست بوون. لەو ماوەیەدا هێزەکانی بەرهەم هێنان زۆر پەرەیان سەند. ئەویش لەبەر سروشتی لەباری کوردستان و ئابووری گونجاو و بوونی هەردوو روباری دیجلە و فورات و کۆنترول کردنی رێگای بازرگانی لەکۆن دا.

پێکهاتنی دەولەتە کۆیلاتی یەکان لەشوێنە جیاجیاکانی دونیا بەدوو شێوە بووە

١ـ لەرێگای پێکهاتنی دەولەتی شاری و ئینجا یەککرتنی هەندێك لەدەولەتەکان ـ شارەکان هەر وەك لەولاتی نێوان دوو زێ و کریك دا.

٢ـ لەرێگای یەککرتنی هەندێك لەهۆزەکان. وەکو لەهندستان و کوردستان دا.

کەلێك دەولەت لەکوردستان پێك هاتن لەوانەش

١ـ کۆتی: لەسەرەتای هەزارەی سێیەمی پ. ز وماوەیەکی درێژ بەردەوام بوو و نزیکەی ١٢٥ ساڵ ولاتی ئەکەد سومەری کۆنترول کرد بوو. کۆنترول کردنی ئەکەد لەماوە:

(٢٢٢٠- ٢١٥٠- پ. ز) چڕ ببوەوەو پایتەختی دەوڵەتی گۆتی (ئارابخا) واتا کەرکوکی ئێستا بوو.

٢- لولو: دەولەتێکی بچووك بوو لەعیلام کۆببووەوەو (ساڵ ٢٥٠٠ دامەزراو تا ١٤٠ ی پ.ز درێژەی هەبوو) (٧)

٣- کاشی (کاسی): لەهەزارەی دووەمی پێش زاین لەزۆر ناوچەی کوردستان کردبووەوەو بەتایبەتی لورستان‌و کرمنشان‌و بەیارمەتی (گۆتی)‌و (لولو) دەسەڵاتی بەسەر (بابل)یش راکەیشت‌و (لەسەدەی ١٨ی پ.ز) فەرمانڕەوایی‌یان کردو ئاکامی ئەوەش گۆڕینەوەی کارتێکردنی شارستانی بوو (٨)

٤- میتان: لەهەزارەی دووەمی پ.ز هەبووەو بوو بەئیمپراتۆریەتێکی گەورەی (ئیمپراتۆریەتی- میتانی- هۆری) زۆر کانزای بەکارهێنا. لەوانەش زێڕو شارستانیەت تێیدا گەشەی کرد بوور هونەریش لەگەڵیدا گەشەی کردو بەتایبەت هونەری نەخش‌و نیگارو مۆرو بیناسازی ئایینی گەورەو کارتێکردنی زۆری بەسەر گریك‌و میسرەوە هەبوو (٩).

٥- نۆرارتۆ: لەدەوروبەری دەریاچەی وان لەکۆتایی هەزارەی دووەمی پ. ز هەبووەو لەپاشماوەکانی میتانیەکانەو لەماوەی (کۆتایی سەدەی نۆیەم تاوەکو سەدەی هەشتەمی پ.ز. نۆرارتو گەورەترین ناوەندی دەرهێنانی ئاسن‌و فلزات بووە لەجیهان‌دا) (١٠)

٦- سۆباری: وەکو هۆزە گەلێکی کشتوکاڵ ئاژەلداری بوون‌و چەندین دەوڵەتی بچوکیان پێکهینا ئەو دەوڵەتانەش توانیان سەربەخۆیی خۆیان لەکاتی ململانێ لەگەڵ ئاشووردا. بپارێزن.

٧- میدیا: گەورەترین ئیمپراتۆریەتە کەلەکوردستان پێک هاتووەو بەخاڵ گۆڕانکاری پێکهاتنی گەلی کورد دادەنرێ و کوردستانی بەسیماکانی خۆی ڕەنگین کرد. لەسەرەتادا میدیا لەیەکگرتنەوەی هۆزە گەلیکی ئاری لەسەدەی نۆی پ. ز پێك هات (١١) ئەم دەولەتە گەلێك سەرکەوتنی گەورەی بەدەست هێناو لەگەڵ خۆشی‌دا هەندێك لەگەلانی ناوچەکەی رزگار کرد بۆیەش ئەو گەلانە تا ئێستاش لەگەڵ گەلی کوردستان ئاهەنگی نەورۆز دەگێڕن میدیا لەدوو بەش پێکهاتبوو میدیای بچووك کەکەوتبووە رۆژهەلاتی دەریاچەی قەزوینەوەو میدیای مەزن کەکوردستانی ئێستاو هەرێمی فارس دەگرێتەوە.

میدیەکان ئەکباتان (همدان)یان کرد بەپایتەختی خۆیان و بەهەموو ئاراستەکان‌دا، پەرش و بلاّوبوون ... بەئاشتیانە ئۆرارتۆیان کۆنترول کردو لەگەڵ دەولەتی (لیدیا)ش پەیوەندی‌یەکی چاکیان بەستو، هەروەها لەگەڵ (بابل) هاوپەیمانیتیەکیان دژ بەئاشوور بەستو لەساڵ ٦١٥ی پ. ز کەرکوکیان دەسگیر کردو لەساڵ ٦١٢ی پ. ز (ئەینەوا)ی پایتەختی ئاشوری‌یەکانیش. کارکردنی هاوبەشی کۆیلەو جوتیارە ئازادەکان لەزۆربەی کاروبارە کشتوکاڵ و کانزایی و بینا سازی‌یەکان‌دا، بنچینەی بنیاتنانی تەلاری شارستانیەتیکی گەورە بوو، هەروەها بنچینەی پیشکەوتنی هونەر بوو. ئەوە بوو ئیمپراتوریەتی میدیای گەورە شوێنەواری ئاست بەرزیان لەبوارە جیاجیاکانی هونەر بەجێهێشت و لەوانەش کۆنترین ئەو نموونانەی کەدۆزراونەتەوە دەگەڕێتەوە بۆ ماوەی نێوان سەدەی نۆیّ پ.ز و لەپۆلین کردنە شوێنەواری‌یەکان‌دا بە(برۆنزیاتی

لورستان) (١٢) ناسراوه .

بەرووخانی میدیا لەساڵی (٥٥٠)ی پ. ز پێکهاتەی سیاسی پاشەکشەی کرد و گەلی کوردستان بۆ پاراستنی بوونی خۆی وەك گەل و کەلتورو بۆ بەرەنگاربوونەوەی دەسەلاتی ئەخمینی، پەنای بردە بەرچیا، ئینجا کوردستان وەکو شانۆی ململانێی گەورە بەردەوام بوو، ئەوەبوو کاردۆخی یەکان لەگەڵ سوپای دەهەزارە هەر وەکو گەزینفۆن باسی دەکات لێکیان داو دەسەلاتی بێگانەی فارس و گریك و ئەرمەنەکان بەدوای یەکدا هاتن تا دەسەلاتی عەرەبی ئیسلامی لەسەدەی حەوتەمی زاینی دا، هەندێك نیشانە لەمەڕ دەرکەوتنی هەندێك دەوڵەتی- شاری، هەیە هەر وەکو ئامێدی لەپێش دەسەلاتی عەرەبی- ئیسلامی، کوردستان بەسیما گەلێکی تایبەتی جیا دەکرایەوە، لەوانە مانەوەی پاشماوەی کلۆمۆنەیی ، رۆڵی گرنگی ئاژەڵداری لەئابووری یەکەی، هارکات لەگەڵ گەشەی کشتوکاڵ گەرۆڵێکی سەرەکی بینی بەتایبەت بەبەکارهێنانی ئامێرە ئاسنینەکان، هەر ئەمەشە گەهاندانی کاری کشتوکاڵیمان لەڕاسپاردە زەردەشتی یەکان دا بۆ شی دەکاتەوە، ئەو راسپاردانەی گەبانگەشەی بوونی سێ کاری خێرخوازی دەکات گەکێڵانی زەوی و چاندنی دارو- منداڵ بوونە (١٣) و هەروەها (پێویستە مرۆڤ هەر هیچ نەبێ لەژیانی دا دارێك بروێنێ) (١٤) کارتێکردنی زەردەشتی ی بەتەنیا لەکوردستان دا قەتیس نەبوو، بەڵکو ڕەنگدانەوەی لەئێران و ناوچە نزیکەکانیش هەبووەو ئەو کارتێکردنە بەسەر جولەکەو مەسیحی و موسڵمانەکان و ئەوانی دیش هەر مایەوە (١٥) لەڕووی فەلسەفیشەوە خودی جیهان گۆڕەپانی دووانەی جووت جەمسەری خێرو شەڕەو تەنکید لەسەر ئەوە دەکاتەوە کەلە دوماهی دا خێر هەر دەبێ سەرکەوێ .

## قۆناغی دەرەبەگایەتی :

لەگەڵ تێکچوونی یاسای هاوسەنگیو چوونیەکی لە نێوان
پەیوەندییەکانی بەرهەم هێنانو هێزەکانی بەرهەم هێنان ک
هەر چۆنێك بێ گەیشتبووە ئاستێکی پێشکەوتوو. لەگەڵ ئەو
تێکچوونەدا . ناکۆکی لە نێوانیان دروست بووو رژێمی
کۆیلایەتی کەوتە ناو قەیرانێکی جیدیو تووشی ناکۆکییەکی
زۆر بووو لە پێشەکی ئەو قەیرانەشدا پتر بوونی
چەوساندنەوەی کۆیلەکان وخەباتو شۆڕشی ئەوان، وئەمەش
دۆخی لەدایكبوونی (کۆلۆنات)ی لە منداڵدانی کۆیلایەتی
رەخساند . ئینجا دەرکەوتنی (کۆیلەی زەویش) وەکو
سەرەتای پەرینەوە بۆ دەرەبەگایەتی. ئاوەهاش لە منداڵدانی
رژێمی کۆیلایەتیدا ، رژێمی دەرەبەگایەتی هاتە بوون.

بنچینەی پەیوەندییە دەرەبەگایەتییەکان بە پلەی یەکە
لەسەر موڵکدارێتی زەویوزار لە لایەن دەرەبەگەکانەو
چی بووە، هەروەها لە سەر ئامرازێکی دیکەی بەرهەم هێنان
پابەند بوونی جوتیاران بە زەویو دەرەبەگەکانەو
دەرەبەگەکان جوتیاران دەچەوسێننەوەو دەست بەسەر زێد
بەرهەمیان دا دەگرن ع بەشێوەیەکی ئەمەکییان ئەختێنن
هەروەها لە رێگەی زێدەکار کردن بە جوتیار لە کێڵگەکانو
ماوەیەکی دیاری کراودا.

کوردستان دەگەڵ دەوروبەری سەرەتای دەسەڵاتی عەرە
ئیسلامی لە سەدەی حەوتەمی زایینیدا گواسترایەوە
قۆناغی دەرەبەگایەتی. ئەوە بوو زۆر جار زەویوزارەک
لەلایەن خەلیفە یان ئەو رابەرە سەربازی ولایەنگرو دەس
رۆیشتوانەی کە لە جێگای ئەو بوون. بەمەرجێك کە پاڵپش
دەوڵەت بکەنو بەشێك لە بەرهەمەکەی بدەنە «بیت الما

بەشێوەی (حیازە) دابەش دەکرانەوە، بەتایبەت لە قۆناغی خەلافەتی عەباسی کە تێیدا زەوی بە موڵکی دەوڵەت دەمایەوە، بەڵام دواجار کرا بە موڵکی دەرەبەگەکان. بۆیەش بە میرات بۆ نەوەکانی داهاتوویان بەجێ دەهێشت لە کوردستاندا. دەرەبەگایەتی کۆچەری لە پاڵ دەرەبەگایەتی کشتوکاڵ، هەبووەو ئەو شێوە دەرەبەگایەتیەش لەسەر بەخێوکردنو موڵکداریێتی ژمارەیەکی زۆری مەڕو ماڵات وەستا بوو. بۆیەش دەسەلاتێکی نابووری دەدا بە خاوەنەکەی کە لەگەڵ دەسەلاتی سیاسیو سەربازی ناوێتە ببوو. دەرەبەگایەتی کۆچەری تاوەکو سەرەتای ئەم سەدەیە بەردەوام بوو. ئەوە بوو خێڵە کۆچەرەکان هێدی هێدی دەستیان بە جێگیر بوون کردو بەشێوەیەکی سەرەکی بەرەو کشتوکاڵ رۆشتن.

ویڕای ئەوەی کە کوردستان گۆڕەپانی ململانێ بووە ج لە نێوان وڵاتانی دراوسێ یان لە نێوان دەرەبەگی کوردو دەرەبەگی بێگانە یان لەنێوان خودی دەرەبەگەکانی کوردستاندا. لەگەڵ ئەوەشدا خۆبەڕێوەبردن لە زۆربەی قۆناغەکانی داگیرکردنو دەسەلاتی بێگانەدا هەرمابوو. ئەوە بوو هەر سەرۆك هۆزێك سوپایەکی تایبەت بە خۆی هەبوو هەر تیرەیەك نابووری تایبەت بە خۆی هەبووە لە سەرەتای قۆناغی پێگەیشتنی دەرەبەگایەتی بەرخودان لە کوردستان بەردەوام بوو بە تایبەتی لە سەدەی نۆیەمو دەیەم.

ئەوە بوو ئیمارەتو دەوڵەتی کوردی دروست بوون ئەو دەوڵەتانەش تێیاندا هەبوون کە میرەکانی وەکو (پادشا) بوونو ئالای سەربەخۆیان هەڵکردبوو وەکو دەوڵەتی دۆستکی بە پلەی یەکەم وهەروەها دەوڵەتی حەسنوی و لوڕی

ئەورەو لوڕی بچووك‌و هەندێکی دیکەشیان میرەکانیان وەکو فەرمانڕەوای گەورە بوون کە جاری دەسەربەخۆیی، یان ئەدا بوو. بەڵام پارەیان بەناوی خۆیانەوە لەسکەدابوو ومزگەوتەکانیش ستایشی ئەو میرانەیان دەکرد (١٦)و هەندێك لەو ئەمارەتانە تاوەکو سەدەی رابردوو بەردەوام بوون

دەوڵەتی دۆستکی دەستی بەسەر ناوچەیەکی زۆردا گرت کە نزیکەی نیوەی رووبەری کوردستان دەبوو ئەم دەسەڵاتەش لە سەدەی دەیەمەوە تاوەکو سەدەی دوانزە بەردەوام بوو وکەلێك کاری بیناسازی ئەنجامدا لەوانە بیناکردنی حەوت پرد لەسەر لقی روباری دیجلە هەروەها بازرگانی گەشەی کردو سوپایەکی گەورە دروست کراو هەر بەراستیش لەگەڵ دەوڵەتە کوردی یەکانی تریش، هەوڵێکی جیدی بوو بەرەو پێکهاتەیەکی نیشتمانی لە رووی سیاسی‌و ئابووری‌و رۆشنبیری‌یەوە. ئەم دەوڵەتە لە ماوەیەکدا بووە کە سێ دەوڵەتی ئیسلامی گەورە لە ئارادا بووە کە بەپێی ریز بەستنی (مێژوویی) یان مەغۆل‌و عوسمانی وسەفەوی بوون هەر بۆیەش شەرەفخانی بەدلیسی راستی دەکرد کە ووتی (کوردستان نیشتمانمە. نابێ لە لایەن هیچ کە سێکەوە داگیر بکرێ وملکەچی کەسیش نابێ).

دەرەبەگایەتی لە کوردستان وەکو سیستمێکی ئابووری - کۆمەلایەتی بەسیما گەلێکی تایبەتی ناسرابوو. لەوانەش:

١- تێکەڵ بوونی هۆزکەرێتی بەدەرەبەگایەتی. چونکە سەرۆکی هۆزەکە (شێخ. ئاغا. بەگ) خاوەنی زەوی‌و زارەکان بوو لە پاڵ خاوەنداریتی هەندێك لە دەوڵەمەندانی شارەکان‌و پیاو ماقولانی‌و خاوەنداریتی دانیرەکانی وەقف‌و تەکی‌یەکان

٢ ـ ئیمتیازاتی سەربازی و ئاینی و سیاسی رۆلێکی گرنگیان
بینی لە خاوەنداریێتی دا.
٣ ـ پتربوونی رۆڵ ئافرەت لە پرۆسە کشتوکالیەکان دا وەك
دروێنەکردن.. هتد.
٤ ـ جوتیاران بە تەنیا بەوەوە پەیوەست نەبوون کە
بەشێك لە بەرهەمەکەیان بدەنە دەرەبەگەکە، بەڵکو ئەرکی
سەرشانیان بوو کەداکۆکیشی لێبکەن و داکۆکی
لەبەرژەوەندی یە ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتی یەکانی ئەو
دەرەبەگانە بکەن.
لە ڕووی سیاسی یەوە دەشێ دەرەبەگایەتی لە کوردستان دا
بکرێتە دوو بەشەوە:
١ ـ دەرەبەگێکی سەربەخۆ کە بەرامبەر بە بێگانە داکۆکی
لەبەرژەوەندی یەکانی خۆی دەکرد.
٢ ـ دەرەبەگێکی نۆکەر کە بەرژەوەندی یەکانی وابەستەی
بەرژەوەندی یەکانی بێگانە بوو. بەتایبەت پاش
دابەش کردنی کوردستان لە دەرئەنجامی شەڕی چالدێران لە
ساڵی ١٥١٤ لە نێوان دەوڵەتی عوسمانی و سەفەوی دا، ئەو
شەڕەی کە ئاکامەکانی بەرێکەوتنی زەهاو لە ساڵی ١٦٣٩
تەنکیدی لێکرایەوە، ئەوە بوو پاش ئاپاکی ئدریسی
بەدلیسی و هاوکاری کردنی لەگەڵ عوسمانی یەکان دا،
شێوەکانی ئاپاکی و نۆکەرایەتی دەرەبەگایەتی و پاشماوەکانی
وەکو میلیشیایەکی ناوخۆیی بۆ بێگانە بەردەوام بوو، وەکو
فورسانی حەمیدی لە سەدەی رابردوو جاش لە ماوەی
دەیەکانی ئەم دوایی یە لە کوردستانی باشوور
وبەکرێگیراوان لە «پاسەوانانی گوند» لە ئێستای کوردستانی
باکوردا.

# قۆناغی سەرمایەداری

ململانێ لەنێوان جوتیاران و دەرەبەگەکان بەردەوام بوو و ئەمەش رەنگدانەوەی بەسەر مەزهەبی ئایینی و فیکری یەکانەدا بەجێهێشت. مرۆڤ بەدرێژایی چەندین سەدە لەنیمچە سڕبوونێکدا دەژیا. بەڵام پێشکەوتنی پلە بە پلەی ئابووری و پتربوونی ئامێرەکانی بەرهەم هێنان و لەوێشەوە دۆزراوە جوگرافی یەکان لەلایەن ئەوروپاوە ئەمانە هەمووی بوونە هۆی پێشکەوتنی هێزەکانی بەرهەمهێنان بەئاستێک کەپەیوەندی یە دەرەبەگایەتی یە کۆنەکانی بەرهەمهێنان کەوتنە تەنگەژەیی. لەگەڵ کۆکردنەوەی خاوەن پیشەکان لەفابریکەی گەورەدا. لەلایەن بازرگانەکانەوە. قۆناغی ،مانیفاکتورە، وەکو بەرایی یەك بۆ دەرکەوتنی سەرمایەداری دەستی پێکرد و ئینجاش بەرەبەرە بەرەو کۆمەڵگای سەرمایەداری کەلەسەر بەرقەراربوونی پەیوەندی یەکانی سەرمایەداری چێ بوو. ئەم فابریکانە پێویستیان بەشکاندنی کۆت و بەندی جوتیاران و ترازاندنی پەیوەندیان بەزەوی یەوە هەبوو و ئەوەش هەنگاو بەهەنگاو وێنەی جیاجیای سەرمایەداری دەردەکەوێ. مارکانتیلیزم، بازرگانێتی، فیزوکراتیزم، سروشتی یەکان، و ئینجاش کلاسیزم کەدەربڕی ئەم سەرمایەداری یەی ئێستایە و لەسەر کێ بڕکێی ئازاد رابووە و لەدوو سەدەی رابردوو لە ئەوروپا دەستی بەدەرکەوتن کردووە.

کوردستان بەدواکەوتوویی ماوەتەوە. چونکە داگیرکردن و دابەشکردن دوو فاکتەری بنچینەیی بوون لەتەگەرە خستنەرێی گەشەی کۆمەڵایەتی و ئابووریدا. لەگەڵ ئەوەشدا پیشەو بەرهەمی پیشەیی لەهەناوی سیستەمی

ئابووری دەرەبەگایەتی‌دا گەشەی سەندو گەلێك شاری نوێ وەکو بازاڕێك بۆ ئالوگۆڕکردنی شمەکەکان ، پێکهاتن‌و چەوساندنەوەی چینایەتی جوتیاران لەلایەن دەرەبەگەکانەوە توندتر بوو. ئەمەش فاکتەرێکی کاریگەر بوو لەقووڵکردنەوەی ناکۆکی‌یە ناوخۆیی‌یەکان لە زۆر ناوچەی کوردستان‌و دەرکەوتنی گەلێك ناکۆکی تر، هەروەها بازرگانی ناوخۆ بۆ ئاستێکی پێشکەوتوو پەرەی سەند. بەڵکو گەواهی وا هەیە کە ئاماژە بەگەیشتنی کوردستان بە قۆناغی مانیفاکتۆرە بەکارتێکردنی فاکتەرە ناوخۆیی‌یەکان. دەکات.

هەر بەو پێیەش کوردستان یەکێك لەو وڵاتە دەکەمنانەیە کە گەیشتۆتە ئەم قۆناغە لەرۆژهەڵاتدا. بەڵام ئەم گەشەسەندنە بەردەوام نەبوو بە هۆی فاکتەرە دەرەکی‌یەکان‌و بەپلەی یەکەم دەسەڵاتی بێگانەی عوسمانی‌و سەفەوی‌یەکان ج دەسەڵاتێکی گشتی یان بەشێکی بەرفراوان لە کوردستان‌و هەروەها بەهۆی فاکتەری ناوخۆیی ئاینی‌و ئابووری‌و بەتایبەت نەبوونی بازارێکی گونجاو.

هەرلەم ماوەیەدا بووبەتایبەتی گەشەکە سەرمایەداری‌یەکان‌و ئینجاش سەرمایەداری لە ئەوروپاوە بۆ کوردستان هێنران‌و رۆڵی بازرگانی دەرەکیش پەرەی سەندو کارتێکردنیشی لەسەر چۆنیەتی دەرکەوتنی سەرمایەداری هەبووە؛

١- بازاری ناوخۆیی داگیرکراو بەرهەمهێنانی پیشەیی ئیمچە روخانێکی بەخۆوە بینی‌و پەرسەندنی تایبەتی راگیراو پەیوەندی‌یە سەرمایەداری‌یەکان لە کوردستان‌دا لەرێگەی فاکتەری دەرەکی‌یەوە بوو نەوەکو لەئەنجامی گەلەکەبوونێکی ناوخۆیی سەرمایە.

٢- رێرای هاتنەکایەی پەیوەندی یە سەرمایەداری یەکا
دەرکەوتنی بەرهەمهێنانی شمەکی کە زوربەی ئەو شمەکانە
مى بیانــی ی بوون بەلام کوردستان شێوازەکا،
بەرهەمهێنان و سیستەمە کۆمەلایەتی یە جوربەجۆرەک
لەپاشماوەکانی کۆمونەی سەرەتایی و دەرەبەکایەتی، پارا
ئەمەو لەگەل مانەوەی بەرهەمهێنانی شمەکی یان پیش
بچووك لەهەندێك ناوچەدا و ئابووری سروشتی داخ
لەهەندێك ناوچەی تر کەتییدا هەموو گوندێك (هەند
جاریش خێزانێك) یەکەیەکی ئابووری سەربەخۆو خۆبژێو
دینێ
پاشماوەکانی دەرەبەکایەتی بەتەنیا لەمانەوەی هەندێ
زەوی و زار بە دەست دەرەبەگەکانی و بێ بەش مانەو
جوتیاران و وابەستە بوونی ئابووری و کومەلایەتی و یە
تەنانەت کەسایەتیان بەرستە نەبووە، هەروەها بەتە
لەلایەنە فیکری و ئایدیولوژی یەکان دا، بەرجەستە ئەبووە
لکو لەنزمی ئاست و دواکەوتوویی هۆیەکانی بەرە
هێنانیش دا، بەرجەستە بووە. جگە لەوەی کە هەندێك جار
بەکاری دەستی بەستووەو تەکنیکی کەمتر بەکارهێنار
ناوەهاش خەباتی لەدژی دەرەبەکایەتی پەیوەست دەکر
بەخەباتی نیشتمانی چونکە لەرووی بابەتی یەوە بەشێك لێ
بۆیەش
(ریکخراوەکەمان تەئکید لەسەر ئەوە دەکاتەوە کەقۆنا
رزگاری نیشتمانی لەناوەرۆکدا گوزارشت لەقوناغی شۆرش
دیموکراتی بورژوازی دەکات و مەبەستیکی کە دوو ئەرک
بنچینەیی جی بەجی بکات کە ئەمانەن

ا ـ ئەرکی نیشتمانی کە خۆی لەراماڵینی دەسەڵاتی بێگانەو داگیرکەران دەبینێتەوە بەهەموو دیاردە (سیاسیو سەربازیو ئابووریو رۆشنبیری...هتد)کانی یەوە.

ب ـ ئەرکی دیموکراتی کە بریتی یە لە نەهێشتنی پاشماوەی بونیادی دەرەبەگایەتیو عەشیرەتگەرێتی. کە رێگرن لەبەردەم گەشەسەندنی کۆمەڵگەی کوردستان) (١٧)

سەرمایەداری لەکوردستان دا، سیمای تایبەتی خۆی هەیە کە گرنگترینیان بە کورتی، ئەمانەن:

١ ـ سەرمایەداری لەدەرەوەرا هێنرایە کوردستانەوە، هەر بۆیەش کرێکارو بەو پێیەش چینی کرێکار، پێش لەدایکبوونی چینی بورژوا لەکوردستان دا پەیدا بوو.

٢ ـ سەرمایەداری بیانی لەسەرەتادا لەهەردوو کەرتی گواستنەوەو بازرگانیدا چڕ بووەو ئینجاش تیکرای بوارە ئابووری یەکانی دیکەی کۆنترۆل کرد.

٣ ـ ململانێ لە نێوان دەولەتە ئیمپریالیستەکان، فاکتەری سەرەکیو کاریگەر بوو لەسەر نوێ دابەشینەوەی کوردستان لەپاش جەنگی جیهانی یەکەم.

٤ ـ بورژوای ناوخۆ یان بازرگانی یە یان مشەخۆرەو بورژوایەکی پیشەسازی یان بەرهەمهێنانی یە.

٥ ـ پێکهاتەی ئابووری کوردستان بووە پێکهاتەیەکی دوو سەرە جیا لەگەڵ داکەوتنی هێزەکانی بەرهەمهێنانو نەبوونی پیشەسازییەک لەبواری گۆڕدراودا لەگەڵ ئەوەشدا پیشەسازییەکی پێشکەوتوو لەبواری دەرهێنان دا. دەبینین ئە خاوەنەکانیان یان دەولەتە داگیرکەرەکانی کوردستانن یان کۆمپانیا سەرمایەداری یەکانن، واتا پەرەسەندنێکی یەک لایەنە هەیە.

٦ـ کشتوکاڵ وەکو کەرتێکی گرنگی ئابووری کوردستان مایەوە لەگەڵ مانەوەی دواکەوتنە لە شێوازو هۆیەکانی بەرهەمهێنان دا.

٧ـ چەوساندنەوەی ئابووری لەسەر کوردستان لەلایەن داگیرکەرانەوە توندتر دەکرێت و بەتایبەت سەبارەت بە دەرامەتە سروشتی یەکان.

ململانێی گەل کوردستان لەپێناوی ئازادی و سەربەخۆیی یەککرتنەوەی هەر بەردەوامەو پەیوەست بوونی ئەوەش بەدەرکەوتنی هوشیاری نیشتمانی و نەتەوەیی و ناشاردرێتەوە، ئەو ململانێیەش زیاتر چوارچێوەیەکی بابەتی بەخۆوە دەگرێ لەسایەی زاڵ بوونی پەیوەندی یە سەرمایەداری یەکان داو کارگەران و کرێکاران ڕۆڵێکی بەرچاوتر دەبینن لەم بوارەداو ئەمەش زەمینەی لەدایک بوونی بزاڤێکی ڕزگاری خوازی نیشتمانی هاوچەرخ خۆش دەکەن کە ئەو بزاڤەش ستراتیژێکی کوردستانی سەربەخۆ گشتگ... وون بگرێتە بەر.

## سەرچاوەکان


[.]. Gordon childe _ what happened in history - Penguin books - 1972 - Grewat Britain P 58 -

٢ ـ افاق عربية ـ مجلة ـ العدد ٥ مايس ١٩٨٩ ـ ...

العراقية اقدم قرية في العالم ـ ترجمة واعداد عدنان المبارك

ارشو ـ ص ٢٠

٣ ـ ارنولد توينبي ـ تاريخ تمدن ـ ترجمة دكتر يعقو

اژند ـ ١٩٧٦ ص ٤٩

٤ ـ علاء الدين سجادي ـ میژووی ئەدەبی کوردی ـ ١٩٥٢ ـ چاپخانەی معارف ـ ص ١٧ .

٥ ـ علاء الدين سجادي ـ میژووی ...... ص ١٧ .

٦ ـ ارنولد توينبي ـ تاريخ ....... ص ١٠٢ .

٧ ـ الجبهة الكردستانية ـ جريدة ـ العدد ٢ آذار / ١٩٩٠ .

٨ ـ گەل ـ رۆژنامە ـ دلاور جميل ـ مساهمة في دراسة الحضارة الكردية القديمة العددان ٣٥ ، ٣٧ .

٩ ـ الاقتصاد السياسي ـ مجموعة من الكتاب السوفيت ـ نقله عن الروسية الدكتور بدرالدين السباعي ـ بيروت ـ ١٩٧٢ ـ ص ١٢٤ .

١٠ ـ ف ـنەسەبەرد ـ دەربارەی شیوەی ئاسیای بەرهەمهێنیانی لە کوردستان ـ لە بلاوکراوەکانی دەزگای ناوەندی رۆشنبیری کۆمەلە ـ ص ٢٣ .

١١ ـ احسان نوري ـ میژووی رەگ ورەچەلەی کورد ـ وەرگیرانی حمەکریم عارف ـ ص ٢٢٣.

١٢ ـ گەل ـ رۆژنامە .... العدد ٣٧ .

١٣ ـ ارنولد توينبي ـ تاريخ .... ص ٢٤١ .

١٤ ـ د . محمود ـ محاضرات في الاحصاء السكاني ـ المعهد العربي للتدريب والبحوث الاحصائية ـ بغداد ـ ١٩٨١ بالرونيو

١٥ ـ علاء الدين سجادي ـ میژووی ... ص ٥٧٧ .

١٦ ـ الشرفنامه في تاريخ الدول والامارات الكردية ـ شرفخان البدليسي ـ نقله الى العربية وعلق عليه جميل بندى روژبيانى ـ بغداد ـ ١٩٥٣.

* (١٧) بیروباوەرە بنەرەتییەکانی ریکخراوی تیکوشانی رەنجەدەران/١٩٩١




لە بڵاوکراوەکانی ڕێکخراوی خوێندکاران و لاوانی
شۆڕشگێڕی کوردستان

تەموزی ١٩٩٤